
# هاوسەری سارکۆزی لەماڵەوە نوکتەچیە



کارلا سارکۆزی یەکێك لە سەرنجڕاکێشترین ئافرەتانی جیهانە، ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە هاوسەری سەرۆکی وڵاتێکی پێشکەوتووی جیهانە. سەرەڕای ئەوەی پێشتر نمایشکاری جلوبەرگ بووە. کارلا لە دیمانەیەکدا رایگەیاند کە هیچ کاتێك بێ نوکتە و قسەی خۆش ناتوانێت بژیت، بەڵام هەوڵ دەدات زیاتر ئەم نوکتە و قسە خۆشانەی لە چوارچێوەی دیوارەکانی ماڵی دەرنەچن، بۆ ئەوەی لەرووی سیاسییەوە گرفت بۆ هاوسەرەکەی دروست نەکەن، کارلای گۆرانیبێژ لە دیمانەیەکدا رایگەیاند، کەوا ئێستا زۆر بە وریایی کار لەگەڵ ئەم مەسەلەیە دەکات، چونکە دەرکردنی یەك رستە لەوانەیە زۆر مانا هەڵبگرێت و دوور نییە لە جیهانی سیاسەتدا کارەساتێك بنێتەوە، منیش یەکێکم لەوانەی کە زۆر رێز لە پرۆتۆکۆلەکان دەگرم و ناکرێ سەرم ببەم بۆ بن گوێی سەرۆك وڵاتێك و نوکتەیەکی بۆ بڵێم. دەربارەی رەخنەش کارلا گوتی: کاتێك مرۆڤ دەگاتە پلە و پایەیەکی گرنگ و بەرز ئەگەر خۆی گرنگیشی پێ نەدات ئەوا زۆر ئاساییە دەبێ رەخنە قبوڵ بکات. من هەمیشە پەیوەندییەکی راستەوخۆم لەگەڵ دەزگاکانی راگەیاندندا هەیە بۆ ئەوەی هەر شتێك بڵاوبکرێتەوە بەلایەنی کەمەوە لە راستییەوە نزیك بێت، لەلایەکی دیکەوە کارلا رایگەیاند کەوا حەز ناکات لە فەرەنسا ئاهەنگ بگێڕێت، چونکە رێوشوێنی ئەمنی توند دەگیرێتە بەر، ئەویش لەم رێوشوێنانە بێزارە، بەڵام لە دەرەوەی فەرەنسا کارەکە جیاوازە، بۆیە زۆر حەز دەکەم لە دەرەوەی فەرەنسا ئاهەنگ ساز بکەم.

# ئەمشەو عەمرو دیاب دڵی خۆی پێشکەشی خۆشەویستەکەی دەکات



ئەمشەو لە کەناڵەکانی رۆتانا کلیپێکی نوێی ئەستێرەی میسری عەمرو دیاب پەخش دەکرێت، دوای ئەوەی لە هاوینی ساڵی ڕابردوو عەمرو دیاب ئەلبوومەکەی بڵاو کردەوە بەناوی (ویاه) و لەماوەی سێ ڕۆژدا کارەکانی وێنەگرتنی دوو کلیپی تەواو کرد کە یەکەمیان (ویاه) بوو ئەوی تریان گۆرانی (بقدم قلبی) کە وا بڕیارە ئەمشەو بڵاو بکرێتەوە. ئەوەی جێگای ئاماژە پێکردنە عەمرو دیاب هەردوو کلیپەکەی لە ماڵی خۆی دەرهێناوە و وێنەگرتنی کلیپەکە لە کۆشکە تایبەتیەکەی خۆی لەشاری قاهیرە تەواو کردووە. دەرهێنەری ئەو کلیپە ناوی (کامیرۆن کاسێ)یە و ئاوازدانەری میسری عەمرو مستەفا ئاوازی هەردوو گۆرانیەکەی داناوە.

## رۆلا:

# هەیفا وەهبی دادگایی دەکرێت



بەم دواییە کچە گۆرانیبێژی لوبنانی رۆلا سەعد لە بەرنامەیەکی تەلەفزیۆنیدا باسی چەند لایەنێکی تایبەتی ژیانی خۆی کرد، یەکێك لەو لایەنانەی کە باسی کرد ناکۆکی نێوانی خۆی و هەیفا وەهبی بوو، رۆلا لە وەڵامی پرسیارێك سەبارەت بەم کێشەیە گوتی: هەیفا وەهبی لە خۆیەوە پڕوپاگەندەیەکی دەربارەی من بڵاوکردبۆوە، گوایە من فیلمێکی سێکسی ئەوم بڵاوکردۆتەوە، بەبێ ئەوەی بەڵگەیەکی راستی لەبەردەست دابێت، بەڵام خوای گەورە دادپەروەرە و ماف بۆ خاوەنەکانی دەگەڕێنێتەوە و ستەم لێکراو بەسەر ستەمکاراندا بەسەر دەخات، دوای ئەو پڕوپاگەندانەی هەیفا، من داوایەکم دژی بەرز کردەوە، داوای بڕی یەك ملیۆن دۆلار قەرەبووم کردووە. بڕیاریشم داوە پارەکە پێشکەشی خانەی هەتیو و بێ سەرپەرشتان و خانەی بەخێوکردنی بەساڵاچووانی بکەم. زۆر سوپاسی خوای مەزن دەکەم کە کێشەکەم بردەوە و دادگا بەم نزیکانە بڕیار دەدات، کە بڕیارەکەشی لە بەرژەوەندی مندا دەبێت و پارەکەش وەك ئاماژەم پێدا، دەبەخشم. چونکە سەروەت و سامان ناتوانێت قەرەبووی زیانە دەروونییەکانی من بکاتەوە.

# "لێواری تاریکی" پلەی دووەمی ئەم هەفتەیەی بەدەست هێنا

(ئەرێ "ئەڤاتار" هەر نەبڕایەوە)؟! ئەمە وتەی ئەکتەر و دەرهێنەری بەناوبانگ "تۆم هانکس"ـە. گەرچی ئەوە هەفتەی حەوتەمە لەسەر یەك ئەڤاتار لە پلەی یەکەم دایە، بەڵام بۆئەوەی خوێنەر وەك "تۆم هانکس"یان لێ بەسەر نەیەت، لەمەو بەولا زیاتر لەسەری نارۆین و هەر راستەوخۆ باسی فیلمی دووەم دەکەین.

فیلمی دووەمی ئەم هەفتەیە "Edge of Darkness" (لێواری تاریکی)، تەنیا لەماوەی سێ رۆژدا توانی زیاتر لە ۱۷ ملیۆن دۆلار کۆبکاتەوە. فیلمەکە لەچیرۆکێکی راستەقینە دەچێت، ئەگەر واش نەبێت، جەماوەرێکی زۆر گرنگی بەسیناریۆی ناو فیلمەکە دەدەن.

فیلمەکە باس لەکابرایەك بەناوی "تۆماس کرافن" دەکات، کە لێکۆڵەوەری تاوانەکانە. لەکاتێکدا کە تازە لەلێکۆڵینەوەی دۆزینەوەی تاوانبارێك تەواو بووە، کە کچەکەی دەکوژن و ماوەی مۆڵەتەکەی لێ دەبێتە تاریکی. بۆیە دەست دەکات بە دۆزینەوەی زانیاری لەسەر تاوانبارەکە، لەو کاتەی دەیەوێ وردەکاری چۆنییەتی کوشتنی کچەکەی بزانێت، نهێنی ژیانی کچە کوژراوەکەی بۆ دەردەکەوێت، کە زۆر ئاڵۆز بووە، کاتێك دەیەوێت حکومەت هاریکاری بکات، کەمتەرخەمی دەکەن، چونکە ئەگەری هەیە حکومەتیش دەستی لەکوشتنیدا هەبووبێت. کلیلی دۆزینەوەی راستییەکان لەناو فیلمەکەدا دەدۆزینەوە.

فیلمەکە لە دەرهێنانی "مارتن کامبڵ"ـە، لە پاڵەوانێتی ئەکتەری بەناوبانگی خاوەن خەڵاتی ئۆسکار"میل جیبسۆن" و "رای وینستۆن، دانی هیوستن، کاترینا سکورسۆن"ە.

ئەمەش لیستی فیلمە باشەکانی ئەم هەفتەیەی ئەمەریکایە بەپێی ریزبەندی زۆرترین داهاتیان:

1- (۳۱،۲۸۰) Avatar ملیۆن$، کۆی داهات: ۵۹۵،۷۵۲ ملیۆن$، بە۷ هەفتە، پلەی پێشو:۱.

2- (۱۷،۲۱٤) Edge of Darkness ملیۆن$، کۆی داهات: ۱۷،۲۱٤ ملیۆن$، بەیەك هەفتە.

3- (۱۲،۳۵۰) When in Rome ملیۆن$، کۆی داهات: ۱۲،۳۵۰ ملیۆن$، بەیەك هەفتە.

4- (۹،۹۹۸) Tooth Fairy ملیۆن$، کۆی داهات: ۲٦،۱۰٤ ملیۆن$، بە۲ هەفتە، پلەی پێشو:٤.

5- (۸،۹۰۸) The Book of Eli ملیۆن$، کۆی داهات: ۷٤،۵۱۱ ملیۆن$، بە۳ هەفتە، پلەی پێشو۳.

6- (۷،۱۷٦) Legion ملیۆن$، کۆی داهات: ۲۹،۰۲۲ ملیۆن$، بە۲ هەفتە، پلەی پێشو:۲.

7- (٤،۷۲٦) The Lovely Bones ملیۆن$، کۆی داهات: ۳۸،۰۰۵ملیۆن$، بە۸ هەفتە، پلەی پێشو:۵.

8- (۳،۹۹۷) Alvin and the Chipmunks: The Squeakquel ملیۆن$.

9- (۳،۹۹۷) Alvin and the Chipmunks: The Squeakquel ملیۆن$. کۆی داهات: ۲۰۹،۲۹٤ ملیۆن$، بە٦ هەفتە، پلەی پێشو: ۷.

10- (۳،۸۰٤) It's Complicated ملیۆن$، کۆی داهات: ۱۰٤،۱۱۱ ملیۆن$، بە٦ هەفتە، پلەی پێشو:۹.

ئا: عەبدوڵڵا چنگیانی


1


2



3



4



5



6



7



8



9



10

## هونەرمەند کارزان کامیل بۆ گوڵان

# بەم بەربڵاوییەی ئێستا هەیە، دیارکردنی بنەمای مۆسیقای کوردی گەلێک دژوارە



لە دەستپێکدا هونەرمەند (کارزان کامیل ) بەم شێوەیە هاتە ئاخاوتن و گوتی: لە ساڵی (١٩٧٦) لە شاری سلێمانی لە دایك بووم و دەرچووی پەیمانگای هونەرە جوانەکانم. لە ساڵی (١٩٨٧) وە سەرقاڵی کاری هونەری و خزمەتکردنی بواری هونەریم. دەستپێکی کاری هونەریم لای هونەرمەند (ئازاد مەعروف) بووە. هونەرمەند (گۆران کامیل) کە برامە زۆر هاوکاری کردووم. دواتر کە چووم بۆ پەیمانگای هونەرە جوانەکان، لە کاری هونەریدا بەردەوام بووم. دایك و باوکم زۆر هاندەرم بوون بۆ ئەوەی ئێمە واتە (من و گۆران و ئالان)ی برام لە بواری هونەردا خۆمان ببینینەوە. لەبواری هونەری هیچ کاتێك لە بەردەم ئێمەدا ڕێگر نەبوونە و زۆر هاوکارو یارمەتیدەرمان بوون. زۆر جاریش پارەی بەشداری کردنی خولی مۆسیقاییەکانیان بۆ دابین دەکردین، بۆیە دەکرێت هەمیشە لەو ڕووەوە ڕۆڵی دایك و باوکمان لە یاد نەکەین. من ساڵانێکی زۆر وەکو ژەنیارێك لە تیپی مۆسیقای "دەشتی" کارم کردووە کە هونەرمەندان (دەشتی خالید و توانا فەرەج و دیار محەمەد) ستافی ئەو تیپە بوون.

*** لە نەوەدەکاندا تۆ لە تیپە میللیەکاندا کارت دەکرد، ئاستی ئەو تیپە میللیانە چۆن بوو ؟ ئایا بوونی ئەو تیپانە لەو کاتەدا زەرورەتێکی هەبوو ؟**

- ئەو کاتە بوونی ئەو تیپە میللیانە بۆ بواری هونەری زەروریەتێکی پێویست بوو. لە هەموو جیهانیشدا هەبوونی تیپی میللی پێویست و گرنگی خۆی هەیە. سلێمانی یەکێکە لەو شارانە کە هەمیشە بایەخی بەتیپی هونەری میللی داوە. بەتایبەتی دوای ڕاپەڕین، لە دوای ڕاپەڕینەوە هونەری میللی لە شاری سلێمانی پێشچوونێکی ئیجابی بە خۆوە بینی و کۆمەڵێك گەنجی بە توانا ڕۆڵی خۆیان لە بواری هونەردا گێڕا. (نازو دەشتی و شاد) ئەمانە سێ تیپی مۆسیقای میللی زۆر باش بوون لەو دەمەدا. تا ئێستاش بەرهەمەکانیان لای جەماوەر و هونەر دۆستان جێی بایەخ و تێڕوانینە. بە داخەوە ئێستا دەتوانم بڵێم کۆمەڵێك خەڵك لە بواری هونەری میللی دوور کەوتنەوە و بەشێوەیەکی نوێ و زانستیانە تر سەرقاڵی باشتر خزمەتکردنی بواری هونەرین. بۆیە دەڵێم لە نەوەدەکاندا تیپە میللیەکان پێشڤەچوونێکی باشی بە خۆوە بینی، کەچی لەم ساڵانەی دواییدا بە ئاراستەیەکی سلبیدا ڕۆیشت.

*** بەر بڵاوی و فرەیی لە بواری مۆسیقای کوردی دەبینرێت، وەکو میوزیك ژەنێك چۆن لەو بەربڵاوییە دەڕوانی؟**

- بەم فرە جۆرییەی مۆسیقای کوردی ناتوانین بنەمای مۆسیقای خۆمان دیار بکەین، با ئێمە نەچین هەموو مۆسیقاکانمان بکەین بە تورکی. بەڵام سوود لە تواناکانیان وەربگرین و مۆسیقای کوردی پێ دەوڵەمەند بکەین. پێویستە بۆ دەوڵەمەندکردنی هونەری خۆمان سوود لەتوانای ئەوان وەربگرین و لەو ستایلەی ئەواندا کاربکەین، بەڵام بەم جۆرە نا کە ئێستا هەموو لایەکی تەنیوەتەوە. بۆنموونە هەندێك هونەرمەند گۆرانیان گوتووە تەواو هەست پێدەکەی کە ئاوازی عەرەبی یان تورکییە. بە داخەوە ئێستا کەسێك و لایەنێك نییە لەم کێشەیەدا

**کارزان کامیل ئەو موزیك کارە بەتوانایە، کەتوانیوویەتی خزمەتێکی بەرچاو بە بواری هونەری موزیك و گورانی گوردی بگەیەنێت. هەڵکەوتەی نێو بنەماڵەیەکی هونەرمەندە و برای هەردووی هونەرمەندی بواری موزیك هونەرمەندان (گۆران کامیل و ئالان کامیل)ە. کارزان لە سلێمانی بەرێوەبەری ستۆدیۆیەکی خنجیلانەیە "پیانۆ"یە و، بۆ زۆر لە هونەرمەندان کاری مۆسیقی کردووە. چ وەك کاری (موزیك )چ وەك کاری دەنگ. دواین کاریشی دابەشکردن و کاری موزیك و دەنگ بوو بۆ هونەرمەندان (کەمال محەمەد و بورهان مەجید) کە ئەم بەرهەمانە بوونە جێگای خۆشحاڵی هەوادارانی گۆرانی کوردی. بۆیە ئێمەش بەچاکمان زانی لە ستۆدیۆ خنجیلانەکەی هونەرمەندان لەشاری سلێمانی ئەم دیدارە هونەرییەی لەگەڵدا ساز بکەین.**

دیمانە: سۆران مارف کەریم
Soran_marf1980@yahoo.com

خۆی بە بەرپرسیار بزانێت. کەس خۆی بە لێپرسراوی ئەم کێشەیە نازانێت. سانسۆر بۆ ڕێکخستنەوەی بەرهەمە هونەرییەکان نییە. ئەگەر فلتەرێك هەبوایە، بێگومان مۆسیقای کوردی بەم ئاقارەدا هەنگاوی نەدەنا.

*** ئەم کێشەو گرفتانەی کە ئاماژەیان پێدەکەی، مۆسیقای کوردی بەرەو کوێ دەبات؟**

- بێگومان بە ئاراستەی ونبوونی مۆسیقای کوردی دەکەوێتەوە، چونکە ئەگەر من بەردەوام گوێ لە مۆسیقای (تورکی و عەرەبی و فارسی ) بگرم، هیچ گرەنتیەك بۆ هونەری خۆمان نابێ. لەو کاتەدایە دەبینین هونەری کوردی ئەرکی خۆی لەدەست دەدات.

*** بەڕێزتان زیاتر کار لەسەر چ ستایلێکی هونەری دەکەن؟**

- من زیاتر کار لەسەر ستایلی ئەرەبیسك دەکەم. بە ئاراستەی خزمەتکردنی بواری هونەری کوردی. واتە سوود لە ئەرەبیسك وەر دەگرم بۆ خزمەتکردنی هونەری کوردی و لە ساڵی ٢٠٠٩ دوو بەرهەمی من بڵاو کرانەوە. ئەوانیش بەرهەمی هونەرمەندان (کەمال محەمەد و بورهان مەجید )بوون. تا چەند توانیومە لە خزمەتی بواری هونەری کوردیدا مۆسیقای ئەرەبیسك بە کاربێنم، وەڵامی ئەوە دەدەمە دەست گوێگرانی مۆسیقی و هونەرمەندان.

*** کارت بۆ زۆر لە هونەرمەندان وەك (موزیك) چ وەك ستۆدیۆ و دەنگ و میکس کردووە، لەگەڵ کام لە هونەرمەندان زیاتر ئاسوودەیت و هەست بە خۆشحاڵی دەکەیت؟**

- کارم لەگەڵ زۆر هونەرمەندان کردووە، ئەوەی من زۆر لە توانای ناو ستۆدیۆیی لێی ڕازی بووم، هونەرمەند (دیاری قەرەداغی ) بەپلەی یەکەم و بە پلەی دووەم هونەرمەند (کەمال محەمەد ) دێت. کاك (دیاری قەرەداغی ) ئەو کاتەی کە دێتە ناو ستۆدیۆ تەواو هەست دەکەیت خۆی بۆ کارەکەی ئامادە کردووە. هەموو تواناو ئەداکانی ئامادە کردووە. خۆ ماندوو کردنی زۆر ناوێت، بە یەکجار دەتوانێ بەرهەمەکەی تۆمار بکات. هونەرمەند (کەمال محەمەد ) یش بەو شێوەیە. بۆیە زۆر حەز بە کارکردن لەگەڵ هونەرمەندان (کەمال محەمەد)، (دیاری قەرەداغی ) دەکەم. ئێستاش دوایین کاری هونەریم سیدییەکە بۆ هونەرمەند (بەرهەم حەسەن). ئێستاش کارەکەی لە قۆناغی کۆتایی دایە.

*** ئاستی ستۆدیۆکانی کوردستان چۆن دەبینی ؟ ئایا ستۆدیۆکانی کوردستان توانیویانە بگەنە ئاستی پێشکەوتنی ستۆدیۆکانی دەرەوە ؟**

- بە دڵنیاییەوە من دەڵێم نەخێر، ستۆدیۆکانی دەرەوەی کوردستان تەواو پرۆفیشناڵن. ئێمە لە کوردستاندا تا ئێستا ئەندازیارێکی دەنگمان نییە کە بڕوانامەی لە بوارەکەدا بە دەست هێنا بێت و لە بواری دەنگدا ئەکادیمی بێت. ئەم ستۆدیۆیانەی کوردستان هەمووی ستۆدیۆی ماڵانن، لە وڵاتانی دەرەوەدا هونەرمەند خۆی لەماڵەوە ستۆدیۆیەکی لەو جۆرەی هەیەو پرۆڤەی تێدا دەکات. ئەگەر بمانەوێت ستودیۆیەکی پرۆفیشناڵ دابنێین، پێویستمان بە زۆر ئامێری باش هەیە، بەڵام لەگەڵ نەبوونی ئامێری باش و پێداویستییەکانیش ستۆدیۆکانی ئێمە کاری زۆر باشیان ئەنجام داوە. ستۆدیۆشمان هەیە ئامێری باش و پرۆفیشناڵی هەیە، بەڵام کاری جوانی پێشکەش نەکردووە.

*** تاچەند مەرجە هونەرمەند لە بوارەکەی خۆیدا ئەکادیمی بێت ؟**

ئەکادیمی بوون مەرجی سەرەکییە بۆ سەرکەوتنی هونەرمەند. ڕەنگە هونەرمەندیشمان هەبێت، توانایەکی باشی هەبێ، بۆنموونە هونەرمەند هێمن حوسێن کە دەتوانم بڵێم لە هەندێك لەوانە باشترە، کە خاوەنی بڕوانامەن و لە بواری هونەریدا ئەکادیمین.

*** پێت وانییە ئەوەندەی هاوکاری هونەرمەندانی گۆرانیبێژ دەکرێت، هاوکاری هونەرمەندانی بواری موزیك ناکرێت ؟**

بە دڵنیاییەوە ئەو هاوکارییەی بۆ هونەرمەندی گۆرانیبێژ دیار کراوە بۆ بوارەکانی دیکەی هونەری نییە و نەکراوە، هونەرمەندانی بواری موزیك تائێستا بە پێی پێویست هاوکاری نەکراون. دەتوانم بڵێم موزیك ژن لە بواری هونەردا وەکو سەربازی ون وایە، بۆیە پێویستە حکومەت و وەزارەتی ڕۆشنبیری هاوکاری بۆ هونەرمەندانی موزیك ژن دابین بکەن و لە نێوان هونەرمەندان جیاوازی نەکەن.

*** ئێستا چ بەرنامە و پرۆژەیەکی هونەریت لەبەردەستدایە ؟**

- لە بەرنامەمدایە بەمەبەستی ئەنجامدانی خوێندن لەبواری دەنگ و موزیك، بچمە دەرەوەی وڵات تا زیاتر گرنگی بە توانستە هونەرییەکانی خۆم بدەم.

*** کەی دەتوانین بنەمای هونەری کوردی دیار بکەین ؟**

- ببوورن من لەو ئاستەدا نیم لەوبارەیەوە قسە بکەم، بەڵام پێویستە بگەڕێینەوە بۆ هونەری فۆلکلۆری خۆمان و چەندین توێژینەوەی زانستیانە لەبارەی هونەری کوردییەوە ئەنجام بدەین، ئەو کاتە دەتوانین بە سوود وەرگرتن لە مۆسیقای جیهانی، بناغەی هونەری کوردی دیار بکەین. بۆیە دەڵێم با کارێك نەکەین هونەری مۆسیقای کوردی ون بێت، چونکە مۆسیقای کوردی گەنجینەیەکی گرنگە، با کارێك نەکەین ئەو گەنجینە بەرەو نەمان بچێت.

*** دوا پەیامت بۆ خوێنەرانی گۆڤاری گوڵان ؟**

- من سوپاسی ئەم دەرفەتەتان دەکەم کە ئەو دیدارەتان ئەنجامدا، پێموایە لە بواری خزمەتگەیاندن بە بواری هونەری و هونەرمەندان، گوڵان هەمیشە پێشەنگ بووە.

# نازێ عەزیزی:

# تائێستا هیچ بێڕێزییەکم بەرامبەر نەکراوە

***هونەرمەنـــدی ڕۆژهەڵاتـــی کوردســـتان نازێ عەزیـــزی خەریکی بڵاوکردنـــەوەی بەرهەمە نوێیەکەیەتی کە بڕیار وابوو بەر لە ماوەیەکی زۆر بڵاوی بکاتەوە، بەڵام لەبەر چەند هۆکارێك بڵاونەکرایەوە، بۆ باس کردنی ئەم مەسەلەیە بە پێویستمان زانی ئەم دیمانەیەی لەگەڵدا ساز بکەین.***



*** نزیکەی شـــەش مانـــگ لەمەوبەر پێت گوتین بـــەم نزیکانە ئەلبوومەکەم بڵاو دەبێتەوە، هۆی دواکەوتنـــی بڵاوبوونەوەی چییە و کەی بڵاو دەبێتەوە؟**

_ بە دڵنیاییەوە لە نەورۆز ئەلبوومەکەم بڵاو دەکەمـــەوە، ئەو کاتە حەفت تراکم تۆمارکردبوو، لەماوەی ڕابردوودا ســـێ گۆرانی تریشم تۆمار کـــرد، بەهـــۆی موزیکژەنەکانەوە ســـیدیەکەم دواکەوت، ئەوان هۆکار بوون.

*** کێ بەرهەمەکەت بڵاو دەکاتەوە؟**

_ کۆمپانیـــای چوار چـــرا، کلیپێکم تەواو کردووە و ئێســـتا سەرقاڵی وێنەگرتنی کلیپێکی ترم، چوار گۆرانـــی کلیپ دەکەم، یەکیان بڵاو بۆتەوە و ئەوی تریان ئێســـتا خەریکی کۆتایی هێنانـــم بە وێنەگرتنـــی، دوو کلیپەکەی تریش بەم نزیکانە کارەکانی ئەنجام دەدەم، بەڵام نازانم ئایا پێش بڵاوبوونەوەی سیدیەکە پەخش دەکرێن، یان دواتر. هەمـــوو ئەو گۆرانیانەی کە کلیپیان بۆدەکەم، لەسیدیە نوێیەکەمدان.

*** گۆرانی گوتن لەلایەن ئافرەتەوە تاڕادەیەك قورسە لە کۆمەڵگەی کوردیدا، تۆش جگە لەمە لە کەسوکارت دووری و لەپارچەیەکی تر دەژیت، ئەم بارودۆخە کاریگەریەکی چۆنی لەســـەر تۆ هەبووە؟**

_ دەتوانم بڵێم کاریگەریەکی ئەرێنی بوو، من کە هاتمە باشووری کوردستان وام دەزانی دەتوانم بگەڕێمەوە بۆ ڕۆژهەڵات، بەڵام نەمتوانی لێرە شـــتی جوان و باش فێربووم و ئارامییەکی زۆرم بەدەســـت هێناوە، شـــتێکم بەدەست هێناوە کە لە هیچ شـــوێنێکی دنیادا نەمئەتوانی بەدەســـتی بێنم، ئەویش وەکو ئارامی لەڕووی دەروونیەوە.

*** زۆر لەوانـــەی ڕەخنـــە لـــە ئافرەتـــە هونەرمەندەکان دەگرن و قســـەیان بەدوادا دەکەن خۆیـــان بە تێگەیشـــتوو دادەنێـــن، لەوانەیە بۆ کەسێکی ئاســـایی ئەمە ئاسایی بێت، بەڵام تۆ چی بەوانە دەڵێیت کە ڕۆشـــنبیرن و ئەو قسانە دەکەن؟**

_ وەك دەزانن من کەم قسەم بەدواوەیە، بەڵام ســـەبارەت بەوانی تر پێم وایە هۆیەکەی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە پیاوە ڕۆشـــنبیرەکان ئەوەیان پێ قبوڵ ناکرێت کە ژنی ڕۆشـــنبیری وەك خۆیان هەن، هەمیشـــە پێیان خۆشـــە خۆیان قســـەی یەکەم بکەن. دەیانەوێت ئافرەت بچەوســـێننەوە، زۆربەیـــان ناتوانـــن ببینن کە ژنیـــش دەتوانێت بیربکاتەوە، هەندێ لەئافرەتە هونەرمەندە کانیش سنوورەکانیان بەزاندووە، پێویستە ئەو ئافرەتانە بە ڕۆشـــنبیریەکی واقیعی کاربکەن نەك تەنها بە جلوبەرگ خۆیان بنوێنن.، ئەگەر بەو شـــێوەیە بێت بڕوا ناکەم تووشـــی کێشە ببن.واتە دەتوانم بڵێم هەندێ ئافرەت هۆکارێکن کە بەو شـــێوەیە

سەرنجیان بدرێت.

*** لەوڵاتانی دەوروبەر ئافرەت لە شوێنی تایبەت لە یانە و دیسکۆکان گۆرانی دەڵێت، پێت وایە ئەو دیاردەیە ئەگەر لە کوردستان هەبێت، پێت چۆنە؟**

_بە بڕوای من ئەگەر کەسێك ئیشی گۆرانی گوتن بێت، ئەوە زۆر ئاساییە لە ئاهەنگ و بۆنەکاندا گۆرانی بڵێت، ئەی ئەگەر بەوە پارە پەیدا نەکات بە چی پارە پەیدا بکات. ئەگەر ئیشی ترم نەبووایە منیش لەئاهەنگەکان گۆرانیم دەگوت.

*** ئێستا دیاردەیەکی نوێ لەناو هونەری کوردیدا دەبینرێت ئەویش سەما و خۆ نمایشکردنە، تۆ ئەوە چۆن دەبینیت؟**

_ئەوە شێوەیەکی تری هونەرە، ئەوانەی دەنگیان سەرنجڕاکێش نییە هەوڵ دەدەن بە جۆرێکی تر سەرنجی خەڵك بۆ خۆیان ڕابکێشن واتە بە وێنە نەك بە دەنگ. بەڵام ئەوە لەهونەر دوورە، من ئەوانەم پێ دەنگ نییە، دەنگ کەسایەتی مرۆڤە،لای من کەسایەتی ئافرەت و هونەرمەند لەپێش هونەرەوە دێت. ئەوانە ناتوانن بە خۆیان بڵێن هونەرمەندە دەبێت کۆمەڵگە نازناوی هونەرمەند بەوانە ببەخشێت کە گۆرانی دەڵێن نەك بە ویستی خۆیان بە هونەرمەند خۆیان بناسێنن. خەڵك هەیە تەماشایان دەکات لەبەر ئەوەی خەڵك حەزی لەنوێگەرییە، بەڵام خەڵکی هونەرمەند ئەوەی پێ هونەر نییە.

*** بە ڕای تۆ ئەوە نوێخوازییە، ئەگەرنا چ ناوێکی تری لێ دەنێی؟**

_ئەوە پاشماوەی فەرهەنگی ئەوروپایە، ئێستا کاتی ئەوەیە خۆمان وەك میللەتی کورد بە جیهان بناسێنین، چونکە بە هێنانی فەرهەنگی ئەوروپا کەس ئێمە ناناسێت،کاتی ئەوە هاتووە خۆمان بناسێنین بە جلوبەرگ و موزیك و فەرهەنگی خۆمان، نەك لاساییکردنەوە. ئەوە هەموو پاشماوەی ئەوروپییەکانە دەیهێنن بۆ ئێرە بەو شێوەیە فەرهەنگی خۆمان ون دەبێت.

*** ئەی کێ بەرپرسیارە؟**

حکومەت بەرپرسیارە، پێویستە سانسۆرێکی تەواو بکرێت بۆ ئەو کارە. ئەگەر بەرپرسی تەلەفزیۆنەکان کەسی هونەرمەند بن کە بەداخەوە هیچ بەرپرسێکی تەلەفزیۆنی هونەرمەند نین، ئەگەر کەسێکی هونەرمەند بەرپرس بێت دەزانێت هونەر چییە، لەهەمان کاتدا هونەری کوردی پێشکەش دەکات نەك پاشماوە و لاساییکردنەوە،ئەو کچانە ماوەیەك بە دیاردەکەوەن دواتر ون دەبن و کەس باسیان ناکات.

*** ئەگەر تەلەفزیۆنێك هونەری نەبێت چۆن دەتوانیت بڵێی پێویستە بەڕێوەبەرەکەی هونەرمەند بێت؟**

_ تەنیا بۆ نموونە ئێستا یەك تەلەفزیۆنی هونەریمان هەیە ئەویش کۆڕەکە، بەڕێوەبەرەکەی بەتەواوی هونەرمەندێکی دڵسۆز و نەتەوەیی بێت دەمانتوانی تا ئەندازەیەك بەرەو پێشچوونێك بەدی بهێنین. لەباکوور و ڕۆژهەڵات و ڕۆژ ئاوا ئێستا خەڵك خاوەنی هونەری ڕاستەقینەیە، چونکە ئەوان خەبات ئەکەن بۆ کلتووری خۆیان، لێرە کەسانێك کە لەدەرەوە هاتوونەتەوە وا دەزانن کوردستان یەك پارچەیە، کوردستان چوار پارچەیە و بیروبۆچوونەکانیش لەپارچەیەکەوە بۆ پارچەیەکی تر جیاوازن، ئێستا لەپارچەکانی تر شەڕی کلتوور و زمانە لەگەڵ دوژمنانی کورد، بەشێکی کوردستان ئازادە و سێ بەشی ئازاد نییە، دەبێت ئەو هونەرمەندانە دڵی ئەو سێ پارچەیەش ڕابگرن، ئەگەرنا هیچ شتێکی وایان لەدوا بەجێنامێنێت.

*** بە ڕای تۆ لە کام پارچەی کوردستان هونەر زیاتر پێشکەوتووە و ڕووی ڕاستەقینەی هونەری کوردی پیشان دەدات؟**

_من ناتوانم وەڵامی ئەو پرسیارەت بدەمەوە، هەموو پارچەیەك هونەرمەندی زۆر باشی هەیە و من پسپۆڕ نیم لەو بوارەدا تاکو وەڵامی ئەو پرسیارەت بدەمەوە،

*** تۆ جگە لەوەی هونەرمەندی لەهەمان کاتدا ئەندازیاری کشتوکاڵیشی،ئەم دوو کارە لەیەکتر دوور نین؟**

نەخێر، من دڵم بە سەوزایی،سروشت، گوڵ، باران و ئاو دەکرێتەوە، پێم وایە هونەریش بەشێکە لە من و تێکەڵی من بووە.

*** تۆ بەتەنها دەژیت لێرە؟**

بەڵێ، جار جار دایکم سەردانم دەکات لە کۆنسێرتی سەری ساڵ هاتبوو،بەڵام من تا ئێستا نەچوومەتەوە.

*** دەزانین کاتی خۆی مەلەوان بوویت، ئێستا چۆنیت لەگەڵ وەرزش و مەلەوانی؟**

_ئێستاش باشم، بەڵام وەك جاران وەرزش ناکەم تەنها هەندێك جار مەلەوانی دەکەم. من سوارچاکیش دەزانم. وەکو حەز و ئارەزووی خۆم وەرزش دەکەم.

*** زیاتر کێ هاوکاری کردوویت لەڕووی مەعنەوییەوە؟**

_کاك عیرفان زەنگەنە، هانی دام و زۆر یارمەتی دام، ئەوشەو لەبەرنامەیەکیش ئاماژەم پێدا کە بێ بەرامبەر یارمەتی هونەرمەندانی داوە،ئەو زۆر بایەخ بە من دەدات.

*** زۆرجار دەبیستین کە ئافرەتی کورد دەبێت قوربانی بدات بۆ ئەوەی بەردەوام بێت لەکارەکەی، تۆ قسەت چییە لەسەر ئەم بابەتە؟**

_زۆر ڕاستە، ئەو هەموو کچە گۆرانیبێژانە نموونەن، ئەوەش هەمووی کاریگەری فەرهەنگی عەرەبییە کە زاڵە بەسەر فەرهەنگی ئێمەدا،تا ئێستا هیچ بێڕێزییەك بەرامبەر من نەکراوە و کەسایەتی خۆم پاراستووە. لەهاویندا یەك دوو گۆرانیبێژ هاتن ئەوەندەیان کاری ناحەز کرد کاری وایان کرد ئەگەر دەهاتنە لام پێم شەرم بوو بڵێم گۆرانیبێژم، دەم گوت من خوشکی نازێ عەزیزیم من هونەرمەند نازێ نیم، مەبەستم ئەو جیلە نوێیەیە بەڕاستی ناوی گۆرانیبێژیان سووك کردووە. ئەوەش بۆ ئەو ئافرەتانە دەگەڕێتەوە نەك بۆ بەرامبەرەکانیان. بۆچی من جوان نیم، من خۆم پێ لەوان جوانترە، بەڵام ڕێ بە خۆم نادەم ئەو کارانە بکەم. من هونەر دەکەم و کەسایەتی خۆم دەپارێزم و خەبات بۆ هونەرەکەم دەکەم، کەسایەتیشم پاراستووە، پارە کۆدەکەمەوە و پارەی کرێی خانوو دەگێڕمەوە ئەیدەم بە گۆرانی، جاری وا هەبووە لەهاویندا بەو گەرمایە پارەی تەکسیم پێ نەبووە بەپێ چوومەتە سەر کار، پارە کۆدەکەمەوە لەپێناوی گۆرانیدا، کەچی ئەوانەی لەئەوروپا دەگەڕێنەو باشترین هۆتێلیان بۆ دەگیرێت، دەبێت باجی ئەوانە بدەیت، بۆچی بۆ ئەوان هەیە و بۆ من نییە، من لەژیانم دا نەمبینیوە دەفتەر یانی چی، بۆچی ئەوانە بە دەفتەر پارە وەربگرن، دێنەوە بە کەیفی خۆیان ئێرە تێکدەدەن و دواتر دەچنەوە. من ئەگەر ئەو قسانە دەکەم هاواری خۆم نییە،چەندین هونەرمەندی ئافرەت هەیە کە لەبیر کراون. ئێرە کوردستانە ئەمریکا و ئەوروپا نییە، لەوێش ئەوانەی ئەو کارانە دەکەن پێیان دەگوترێت بەرەڵلا، بەڵام کەسێك خاوەنی کەسایەتی و فەرهەنگ و کلتووری خۆی بێت، نە قسەی بە دوادا دەکرێت و نە ڕێگەش دەدات قسەی بەدوادا بکەن.ئەوانە ئیشیان هونەر نییە، ئەوە گوناهێکی زۆر گەورەیە هونەرمەندان وەلانراون و ئەوانەی ئیشیان هونەر نییە بە کەیفی خۆیان ئەوەی بیانەوێ بەناوی هونەر دەیکەن. پێم وایە ئەوە زۆر ناخایەنێت و حکومەت چارەسەری بۆ دەدۆزێتەوە.

*** چارەسەرەکە چییە؟**

_خەرج نەکردنی پارە بە دەفتەر بۆ ئەوانەی لەدەرەوە دێنەوە، بۆچی حکومەت یارمەتی هونەرمەند بدات، هونەر شتێکی شەخسییە، بۆچی ئێمە دەست پان بکەینەوە بۆ حکومەت داوای هاوکاری لێ بکەین.لەهەشتاکان ئەو هونەرمەندە باشانە هەبوون ئەو کاتە کەس نەبوو پارەیان بداتێ، بە خەباتی خۆیان دەیانکرد. ئێستا هی وادەناسم نازانێت بە کوردی قسە بکات کەچی وەك هونەرمەند دەیناسێنن. بەڵام میللەتی ئێمە زۆر زیرەك و ئاقڵە، دوای ماوەیەکی تر گەنجانی ئێمە دەزانن هونەری کوردی چییە و دەگەڕێنەوە بۆ گوێگرتن لە هونەری ڕاستەقینە، خەڵکی ئێمە لەوە وشیارترە کە بڕوا بە قسەی هەندێك لەوانە بکات.

دەنگ کەسایەتی مرۆڤە، لای من کەسایەتی ئافرەت و هونەرمەند لەپێش هونەرەوە دێت

ئەو جیلە نوێیە بەڕاستی ناوی گۆرانیبێژیان سووک کردووە. ئەوەش بۆ ئەو ئافرەتانە دەگەڕێتەوە نەک بۆ بەرامبەرەکانیان

جاری وا هەبووە لەهاویندا بەو گەرمایە پارەی تەکسیم پێ نەبووە بەپێ چوومەتە سەر کار

## مایا نیعمه

# پێویسته هونەرمەند خۆشەویستی بۆ هونەرەکەی هەبێت



* وەك هونەرمەندێك، بەشـــداری کردنت لە بەرنامەی ستار ئەکادیمی چ گۆڕانکارییەکی هەبوو لەسەر ژیانتان؟

- بێگومان گۆڕانکاری زۆری هەبوو، جگە لەوەی بووە هۆی ئەوەی کە خەڵك و چەند کەســـانێکی شارەزا و پسپۆر بە دەنگ و بەهرەکانمان ئاشـــنا بن، هەروەها فێرە ئەوەی کردین کە چۆن ئارام بگرین و پشت بە خۆمان ببەستین و گیانی لێبوردن و گیانی وەرزشی لای ئێمە چەکەرە بکات.

* لە ستار ئەکادیمی فێری چی بووی؟

- فێری ئارام گرتن و پشـــت بەخۆ بەستن، لە هەموویشی گرنگتر چەند هاوڕێم ناسی و بە یەکتری ئاشنا بووین.

*بە بڵاوکردنەوەی یەکەم گۆرانیت هەستت بە چی کرد ؟

- هەستێکە رەنگە نەتوانم وا بە ئاسانی بۆتانی وەسف بکەم، چونکە من عاشقی هونەر و گۆرانی گوتنم، بڵاوکردنەوەی یەکەم گۆرانیش بۆ من وەك هەستی دایکێك بوو، کە یەکەم منداڵی بوویێت، چەندە ئەو منداڵەی خۆش دەوێت، منیش ئاوا بووم.

* ترست نییە کە میدیاکان رۆژێك لە رۆژان دژت بن ؟

- رۆژنامەکان یاخود باشـــتر بڵێم میدیا بە گشتی هۆکارێکی سەرەکییە بۆ سەرکەوتنی هەر هونەرمەندێك، چونکە ئەگەر لە رێگای میدیاوە نەبێت کەس نامانناســـێت، بەڵام ئێستا لێرەو ولەوێ هەست بەوە دەکەین کە میدیا رەنگە لە هەمان کاتد هۆکارێك بێت بۆ رووخاندنی هونەرمەند، بەتایبەتی ئەگەر ئەو کەسەی بەو کارە هەڵدەستێت بە ویژدانەوە کارەکەی نەکات، هیوادارم خۆیشـــم نەبم بە هۆکاری ئەوەی رۆژنامەنووسان دژم بن.

* حەز دەکەی بگەی بە ئاستی کام هونەرمەندی ناوداری لوبنانی؟

- لوبنـــان وڵاتێکە کە پێموایە لانکـــەی هونەرمەندە گەورەکانە، دەبێ هەموومان شـــانازییان پێوە بکەین، زۆر بە خاتوو فەیروز سەرســـامم و بە رەمزی هونەری لوبنانی دەزانم، چونکە گۆرانییەکانی هەمیشە زیندوون.

* گوێ لە کام گۆرانیبێژ دەگری؟

- وەك گوتـــم مـــن زۆر بە خاتوو فەیروز سەرســـامم، بۆیـــە زۆر گوێ لە گۆرانییەکانی دەگرم، هەروەها گوێ لە گۆرانییەکانی ماریا کاری و "ویتنی هیوستن" دەگرم.

* شارەزاییت لە ئامێرە مۆسیقییەکاندا هەیە؟

- بەڵێ من یەکێکم لەوانە کە هەر لە تەمەنی منداڵییەوە زۆر حەز لە ژەنینی ئامێرە مۆسیقییەکان دەکەم، بەتایبەتی پیانۆ و کەمان و گیتار کە تا رادەیەك شارەزاییم لە ژەنیانیاندا هەیە، هەروەها لە سەما کردنیش هەندێك شارەزام.

* وەك کچە هونەرمەندێك سیفاتە تایبەتییەکانت چین؟

- مـــن زۆر جدیم، هەر کارێك ئەنجام بدەم زۆر بـــە جددی دەیکەم ئەگەر زۆرگرنگیش نەبێت، هەروەها زۆر بڕوام بە تواناکانی خۆم هەیە و رێزیش لە بەرامبەرەکەم دەگرم.

* لەم بڕوایەدا نی، زۆر جار شانس دەبێتە هۆی سەرکەوتنی هونەرمەند؟

- بێگومان زۆر جار شـــانس رۆڵی خۆی دەبینێت لە ژیانی هەر هونەرمەندێکدا،



ستار ئەكادیمی یەكێك لەو بەرنامانەیە، كە تا ئێستا ژمارەیەكی زۆر لە هونەرمەندانی پێگەیاندووە یاخود بووەتە هۆی ئەوەی كە هەندێك بەهرەمەند بە دیار بكەون، هەرچەندە بیرۆكەی ئەو بەرنامەیە بۆ وڵاتی لوبنانیش ناگەڕێتەوە، بەڵام لەو وڵاتەدا زیاتر پەرەی سەند، بەتایبەتی لەسەر ئاستی وڵاتانی عەرەبی.

مایا نیعمە یەكێك لە ئەستێرەكانی ئەم بەرنامەیە. لە قۆناغی سێیەمیدا توانی سەرنجی هەموو لایەك بۆ خۆی رابكێشێت، لە رێگای نەدا سەعید كە رۆژنامەنووسێكی ناوداری لوبنانییە توانیمان چەند پرسیارێكی ئاراستە بكەین كە بەم شێوەیە وەڵامی داینەوە.

بەڵام شانسیش شتێكی كاتییە و رەنگە تەنیا یەك جار ئەو هەلە بڕەخسێت و دووبارە نەبێتەوە، بۆیە هەر كاتێك ئەو دەرفەتە رەخسا دەبێ بزانین چۆن بیقۆزینەوە بەر لەوەی لە دەستی بدەین.

*** ستار ئەكادیمی ئێستا و یەكەم خول چ جیاوازییەكیان هەبوو؟**

- سەرەتا كارێكی پیرۆز بوو هەنگاوێكی لەجێ و پێویست بوو، بەڵام ئاساییە كە مرۆڤ هەركارێك بكات بۆ جاری دووەم هەوڵ دەدات لە جاری یەكەم باشتر بیكات وئەگەر هەڵەیەكی تێدا هەبوبێت ئەوا دووبارەی ناكاتەوە.

*** رات بەرامبەر ئاستی ئەو قوتابیانەی لە ساڵانی رابردوو، لە ستار ئەكادیمیدا بەشدار بوون چییە.**

- هەمیشە چاودێری وردەكارییەكانی ستار ئەكادیمی دەكەم، تەنانەت بەر لەوەی بەشداریشی تێدا بكەم، تا ئێستاش بەرنامەیەكی زۆر خۆش و سەرنجڕاكێشە و پێموایە لە ساڵانی داهاتووشدا هەر بەو شێوەیە دەمێنێتەوە، بگرە زیاتریش پێش دەكەوێت، چونكە ئەوانەی سەرپەرشتی دەكەن كەسانی دڵسۆز و بە توانا و شارەزان لە كارەكەی خۆیاندا، هەروەها ئەوانەی پێشبڕكێ دەكەن زۆربەیان خاوەن بەهرەی هونەری باشن.

***خۆت بە قەرزاری بەرنامەی ستار ئەكادیمی دەزانی بەو پێیەی بووە هۆكاری دەركەوتن و ناسینت لەلایەن جەماوەر؟**

- بێگومان دان بەوە دادەنێم كە رۆڵێكی زۆری هەبوو بەتایبەتی لەوەی كە لەلایەن جەماوەرەوە بناسرێم و بووە هۆی ئەوەی جەماوە بزانێت كە كەسێك هەیە بەناوی مایا نیعمە و دەتوانێت لە بواری هونەریدا وەك گۆرانیبێژێك لە مەیدانەكەدا بوونی خۆی بسەلمێنێت، بەڵام لە بواری هونەری تاكە هەوڵی منیش نەبوو، چونكە ئەگەر خۆم بڕوام بە تواناكانی خۆم نەبوا و بەهرەیەكی هونەریم نەبوایە ئەوا هەر لە سەرەتاوە بەشداریم لە بەرنامەكەدا نەدەكرد.

*** حەز دەكەی لەگەڵ چ هونەرمەندێك دیۆ تۆمار بكەی؟**

- جاری بیرم لەو بابەتە نەكردۆتەوە، بەڵام كە دەرفەتێكی لەو جۆرە هاتە ئاراوە ئەو كات بیر لەو مەسەلەیە دەكەینەوە.

*** جگە لە زمانی عەرەبی نیازت نییە بە زمانی دیكە گۆران بڵێی؟**

- باوكم لوبنانییە و دایكیشم روسییە بە حوكمی ئەمەش ئاساییە، ئەگەر بە غەیرە زمانی عەرەبی گۆرانی بڵێم، ئینگلیزیش باش دەزانم.

*** پەیوەندیت لەگەڵ قوتابییەكانی دیكەی ستار ئەكادیمی چۆنە؟**

- زۆر ئاسایی و خۆشە و بەردەوام ئاگامان لە یەكتری هەیە.

*** خۆشترین یادگاریت چی بوو لە ئەكادیمی؟**

- هەر رۆژێكی ئەكادیمیا بۆ خۆی یادگارییەك بوو، زەحمەتە هیچ یەكێك لە قوتابییەكانی ئەكادیمیا بتوانێت بە ئاسانی لە بیریان بكات، بەتایبەتی هاتنی هونەرمەندی گەورە بۆ ئەكادیمیا وەك نەجوا كەرەم و چەندانی دیكە، چونكە هاتنی ئەوانە زیاتر هانیان دەداین بۆ ئەوەی زیاتر هەوڵ بدەین و خۆمان ماندوو بكەین، هەروەها من خۆم زۆر سوودم لە ئامۆژگارییە بە نرخەكانیان وەرگرتووە بۆ ئێستا و ئەو كاتیش.

***خەون و ئاواتەكانت چین؟**

- بەر لە هەموو شتێك حەز دەكەم لەلایەن جەماوەرەوە زیاتر ناوبانگ پەیدا بكەم و بناسرێم، پێموایە ئەمەش ئاواتێكی ئاسایی هەموو كەسێكە، بەڵام ناوبانگ دەركردن پێویستی بەوە هەیە كە تۆ هونەرمەندێكی سەركەوتوو بیت لە كارەكەتدا بۆ ئەوەی خەڵك تۆی خۆش بوێت، هەروەها پێویستە هونەرمەندیش خۆشەویستی بۆ هونەرەكەی هەبێت و خۆشی بوێت بۆ ئەوەی رەزامەندی و دەستخۆشی جەماوەر بەدەست بێنێت..

*** لەكاری هونەریدا راوێژ بە دایك و باوكت دەكەیت؟**

-بێگومان راوێژیان پێدەكەم بەتایبەتی باوكم كە بە بەردەوام هانم دەدات و یەكەم جاریش لە منداڵییەوە ئەو منی برد بۆ ئەوەی فێرە ژەنینی مۆسیقا بم و پەرە بە توانا هونەرییەكانی خۆم بدەم.

